گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
DOI:10.26750/Vol(11).No(2).Paper17
ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 2022/11/12
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 2023/01/15
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 2024/4/29

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

# کاریگەری ڕیکلامی بازرگانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەسەر جەماوەر (توێژینەوەیەکی مەیدانییە)

سەرکەوت ویسی کریم[1] - حبیب أبراهیم کرکوکی[2]

habeeb.Ibrahim@ruhr-uni-bochum.de - sarkawt.kareem@su.edu.krd

[1]بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]پەیمانگای زانستی ڕاگەیاندن، زانکۆی (Ruhr-University Bochum) ئەڵمانیا.

## پوختە:

لەسەرتاسەری دونیادا ڕیکلامە بازرگانییەکان بۆتە هونەر و شێوازێکی کاریگەری پرۆسەی پەیوەندیکردن، بۆ هەمو وڵات و کۆمەڵگەو نەتەوە و ئاست و چین و توێژو ڕەگەزێک پێویستە، هەموان کاریان بەڕیکلامە بازرگانییەکان و ڕیکلامە بازرگانییەکان کاری بەهەموانە. ڕیکلامە بازرگانییەکان بەدروستی بەکاربهێنرێت و لە ئاستێکی بەرزدابن، ئەوا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەتوانن بەو جۆر و شێوە ڕیکلامە بازرگانییانە بژین و بەڕێوەببرێن.

ئامانجیش لەم توێژینەوەیە، دەرخستنی ڕادەی گرنگی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەڕێکلامی بازرگانییەکان، و تا چەند کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان هانی ڕەفتار بەکاربەر دەدات بۆکڕینی کاڵا، ئەو شێوازە ڕیکلامە بازرگانییانە کامانەن کە زیاتر سەرنجی بەکاربەر بۆکڕینی کاڵا ڕادەکێشێت. ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە، میتۆدێ ڕوپێوییمان بەکارهێناوە. گونجاوترین میتۆد دادەنرێت چونکە لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت زۆرترین داتا و زانیاری ورد و دروست بەدەست بهێنرێت. ئەم توێژینەوەیە تیۆری پشتبەستن بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەسەریدا پراکتیزەکراوە، کە یەکێکە لەتیۆرییە گرنگ و بایەخدارەکانی بواری میدیا. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوە پێکدێت لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کە بریتییە (500) تاک لەهەر چوار پارێزگا (هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە)، و هەر دو ڕەگەزی "نێرومێ" پێکهاتون. توێژەر بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان بەدەستهێنانی دەرئەنجامەکانی توێژینەوە

فۆرمی ڕاپرسیی بەکارهێناوە، هەروەها لەم توێژینەوەیەدا کەرەستەی ئاماری، کە بەسیستەمی "SPSS" ناسراوە بەکارهاتوە. گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکەش بریتین لە: پەیوەندی نێوان ڕێکلامی بازرگانی و کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی بەهێز و کاریگەرە، هەروەها پەیوەندی نێوان ڕێکلامی بازرگانی و ڕەفتاری کڕین، بەهەمان شێوە پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی بەهێز و کاریگەرە، جگە لەمانە ڕێکلامی بازرگانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان سەرچاوەی گرنگی زانیاری بەرکارهێنەرانەو لە دیاریکردنی کالاّ و خزمەتگوزارییەکان پێویست و هەڵبژاردنی باشترین بژاردە، یارمەتیان دەدات. هەروەها ڕێکلامی بازرگانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕۆلی گرنگی لە دروستکردنی ڕەزامەندی لای لەجەماوەری هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لەسەر ئەو بابەتانەی کە ڕێکلامی بازرگانی بۆ کراوە.

**کلیلە وشەکان:** کاریگەری، ڕێکلامە بازرگانییەکان، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ڕەفتاری کڕین، جەماوەر.

## پێشەکی:

ڕیکلامە بازرگانییەکان لەئێستادا پرۆژەیەکی زەبەلاحە، لەهەمانکاتدا پیشەیە و لەگەڵ ئەوەدا ئامرازێکە کە خەڵکانێکی زۆر بەکاریدەهێنن، دەکرێت بڵێین لە هەمو شوێنێک بونی هەیە، چونکە خزمەت بە پێداویستییەکان دەکات. بەهۆی ئەو ڕۆڵەی کە ڕیکلامە بازرگانییەکان لە گشت بوارەکان هەیەتی توانی بچێتە ناو ئامرازە سەردەمیەکان، بەدرێژایی ئەو چەند ساڵانەی دوایدا گەشەکردنێکی گەورە بەسەر ئەو ئامرازانە داهات. ڕیکلام لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا چەمکێکی فراوانە و مرۆڤەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا لە هەمو ڕویێکەوە و لە ماڵەکانیاندا و جێگای کارکردن و ڕێگا و گشت شوێنە گشتی و تایبەتەکاندا دەورە دراون بە ڕیکلامە بازرگانییەکان، هەر ئەمە وایکردوە کە ئەم سەردەمە بە سەردەمی ڕیکلامە بازرگانییەکان ناوببەین. گومانی تێدانییە ڕیکلامە بازرگانییەکان لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان جێگەی گرنگیپێدانی جەماوەرە، لەبەرئەوە بەکۆڵەکەیەکی بنەڕەتی دادەنرێت لەسەرجەم بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، هەرچەندە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان توانای مرۆیی و ماددییان زۆربێت ناتوانن ئامانجەکانیان بەدیبهێنن، ئەگەر لەژێر سایەی پەیوەندییەکی گونجاودا نەبێت لەگەڵ جەماوەردا. کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەشێوەیەکی گشتی بە کاریگەرترین ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێت لەڕوی هێز وقەناعەت پێکردنەوە. ئەم توێژینەوەیە بەسەر پێنچ بەشی سەرەکیدا دابەش کراوە: بەشی یەکەم: بریتیە لە چوارچێوەی گشتی توێژینەوە. بەشی دوەم: باس لەتیۆری پشتبەستن بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکات. بەشی سێیەم: باس لە ڕێکلام لە کەناڵە ئاسمانییەکان دەکات بەشی چوارەم: هۆکارە کاریگەرییەکانی سەر ڕەفتاری کڕینی بەکاربەر، بەشی پێنچەم: ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەیە.

## باسی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوە

### 1- کێشەی توێژینەوە

هەر کێشەیەک لەسەر بنەمای زانستی بێت، دەبێتە هۆی دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان، کە ڕوبەڕوی توێژەران دەبێتەوە، بۆیە بنەما زانستییەکان وایان بەپێویست زانی، کەبیرۆکەی توێژینەوەی زانستی لەنەبوە پەیدانابن و بەرەو نەبون ناچن. لەسەر ئەو ڕۆشنایيە گرفتی لێکۆڵینەوە کۆمەڵێک پرسیاری سەرەکی هەڵێنجراوە کە بریتین:

1- ڕێگری ڕیکلامە بازرگانییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەسەر هاندانی ڕەفتاری کڕین لەلای نمونەیەک لەجەماوەری هەرێمی کوردستان کامانەن؟

2-ئایا ڕیکلامکردن کاریگەری لەسەر زیادکردنی نرخی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان هەیە، و ئایا بەشدارە لەپێکهێنانی بڕیار لەباشتر نیشاندانی کاڵا و خزمەتگوازییەک لەسەر یەکێکی دیکە؟

3-کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان تا چەند پابەندی بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانە، و پەنای بۆ وروژاندنی بینەر بردوە تاکو ناچاریان بکات کە ئەو کاڵایانە بکڕن کە پێویستیان پێی نییە؟

### گرنگی توێژینەوە

1-بەمەبەستی زانینی ڕادەی سود وەرگرتنی ستراتیژیەت داهێناکارییە ڕیکلامە بازرگانییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بۆ پێشکەشکردنی ئەو نامەیەی میدیایی لە شێوازێکی گونجاو کە زەمانەتی بەدەستهێنانی کاریگەرییە ڕەفتارییە بەکارهێنراوەکانی.

2- گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هۆی هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نێوان جەماوەر و ڕیکلامکار و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن دەستنیشان بکات.

3-ریکلامە بازرگانییەکان کە جێگەی مشتومڕ و گرنگییەکی زۆرە لەلایەن پسپۆڕانەوە لەبوارەکانی ڕاگەیاندنی ئابوری بازرگانیدا بەشێوەیەکی سەرەکی، بۆیە بەپێویستم زانی توێژینەوەی لەسەر بکەین.

### پرسیارەکانی توێژینەوە

1-هۆکاری بینین یاخود نەبینینی لێتوێژەرانی ڕیکلامی بازرگانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان چییە؟

2- ڕادەی کاریگەری ڕیکلامی بازرگانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەهاندانی ڕەفتاری کڕین لەلای لێتوێژەران چەندە؟

3- ڕادەی پشت بەستنی لێتوێژەران بۆ کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان چەندە کە وەکو سەرچاوەیەکی زانیاری بۆ کاڵاو خزمەتگوزارییە بەردەستەکان لەبازاڕی کوردیدا تەماشای دەکەین؟

## ئامانجەكانی توێژینەوە

1-پێناسـەكردنی كاریگەرییەكانی ڕیكلامە بازرگانییەكانی كەناڵە ئاسـمانییە كوردییەكان لەهاندانی ڕەفتاری كڕین لەلای نمونەیەك لەجەماوەری هەرێمی كوردستان.

2-ئەو ڕادەیەی كە جەماوەر ئارەزوییان لەتەماشاكردنی ڕیكلام بازرگانی هەیە لە ئامرازەكانی ڕاگەیاندن.

3- ڕادەی بڕوای جـەمـاوەر بـەوەی كـە ڕیكلامی بـازرگـانی دەبێتـە هۆی بـەرزبونـەوەی نرخی كـاڵا و خزمەتگوزارییەكان.

## گریمانەی توێژینەوە:

**گریمانەی یەكەم:** گریمانەكانی تایبەت پەیوەندی نێوان ڕیكلامی بازرگانی كەناڵە ئاســـمانییە كوردییەكان لەهاندانی ڕەفتاری كڕین لەلای نمونەیەك لەجەماوەری هەرێمی كوردستان.

1-پەیوەندیەكی بەهاداری ئاماری هەیە نێوان كاریگەری ڕیكلامی بازرگانی كەناڵە ئاســـمانییە كوردییەكان لەهاندانی ڕەفتاری كڕین لەلای نمونەیەك لەجەماوەری هەرێمی كوردستان.

2-پەیوەندییەكی بەهاداری ئاماری هەیە نێوان كەناڵە ئاســـمانییە كوردییەكان ڕیكلامی بازرگانی كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان لەهاندانی ڕەفتاری كڕین لەلای نمونەیەك لەجەماوەری هەرێمی كوردستان.

**گریمانەی دوەم:** گریمانەكانی تایبەت كاریگەری ڕیكلامی بازرگانی كەناڵە ئاسـمانییە كوردییەكان لەهاندانی ڕەفتاری كڕین لەلای نمونەیەك لەجەماوەری هەرێمی كوردستان.

1-كاریگەری ڕیكلامی بازرگانی كەناڵە ئاسـمانییە كوردییەكان كاریگەری بەهاداری ئاماری هەیە لەهاندانی ڕەفتاری كڕین لەلای نمونەیەك لە جەماوەری هەرێمی كوردستان.

2-كەناڵە ئاســـمانییە كوردییەكان ڕیكلامی بازرگانی كەناڵە ئاســـمانییە كوردییەكان كاریگەری بەهاداری ئاماری هەیە لەهاندانی ڕەفتاری كڕین لەلای نمونەیەك لەجەماوەری هەرێمی كوردستان.

## كۆمەڵگا و سامپڵی توێژینەوە

كۆمەڵگای ئەم توێژینەوە لەدانیشـتوانی هەرێمی كوردسـتان كە بینەری كەناڵە ئاسـمانییە كوردییەكانن كە تەمەنیان لە 18 تاوەكو 55 ســاڵ لەهەر چوار پارێزگای (هەولێر، سـلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە) دەگریتەوە. سامپڵی ئەم توێژینەوەیەش (500) هاوولاتی هەرێمی كوردستان.

## كەرەستەكانی توێژینەوە:

كەرەســـتەی بەكارهاتو لەتوێژینەكە بریتیە لە فۆرمی ڕاپرســـی، فۆڕمی ڕاپرســـی (الاســـتبیان) پێكدێ لە كۆمەڵێك پرســیار ئاراســتەی ســامپڵی توێژینەوەكە دەكرێ. دەربارەی بابەتێكی دیاریكراو، پاش وردبینی كردنی لەلایەن پســپۆڕانەوە. خســتنەڕوی پرســیارەكان بە شــێوەیەكی ئاســان و ڕون دەخریتەڕو، بۆ وەرگرتنی ڕای كۆمەڵێك خەڵك كە دیاریكراون، بەشێوەیەكی زانستی.

## دیاریکردنی چەمکەکان

دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان بە یەکێک لەهەنگاوە پێویستییەکانی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت، هەمو چەمکێک زاراوەیە، بەڵام مەرج نییە هەمو زاراوەیەک چەمک بێت.

1- چەمکی ڕیکلام: ڕیکلام (Reclaim) وشـــەیەکی فەرەنســـیە کە بەواتای هاوارکردن دێت، لە زمانی عەرەبیدا وشەی (إعلان) و لە هەندێک شوێن وشەی (إشهار)ی بۆ بەکاردێت، لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (Advert isement)ی بۆ بەکارهاتوە کە لە کرداری (Advert)ەوە وەرگیراوە، بەواتای سەرنج ڕاکێشانی بەرامبەر یاخود کەسێک بۆ شتێکی دیاریکراو دێت. لە زمانی کوردیدا چەندین وشەی ڕەسەن و پەتی وەک (ئاگاداری، بانگەشە، بانگەواز، ئاگانامە، جاڕدان، جاڕنامە، داخۆیان...هتد)مان هەیە. (ئەحمەد،2011، 5)

2- کەناڵە ئاسمانییەکان ئەو پەیوەندییە کە لە وێستگەی پەخشـەوە لە ڕێگای جیهانی تەلەفزیۆنیوە دەگاتە تاک بە هیچ ناوبەندێک، پەشـــی ئەو کاناڵانەش بریتییە لەپەیوەندی کە زەمەن و شـــوێن ناتوانن کۆت و سانسۆری بکەن (عظیم،2007، ١٨)

3- جەماوەر: کۆمەڵێکن لەمرۆڤ کە قەبارەیەکی ســـەرەکی لەتاکەکان پێکدێنن و نامەکانیان پێ دەگات، یاخود دەبنە بینەری ئامرازێکی ڕاگەیاندنی دیاریکراو (خضور، 2005، 32)

4- ڕەفتاری کڕین: بریتییە لە هەمو هەڵسـوکەوت و ڕەفتارێک کە کڕیار پێی هەڵدەسـتێت بەگەڕان بەدوای کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بەمەبەستی کڕینیان، و دەگەڕێ بەدوای ئەو ئاستە پەسندەی کە پێداویستییەکانی ئەم تێردەکات (محمود، 2015، 110)

5- کاریگەری (Effect): کاریگەری بریتییە لەوەی کە پەیامی ڕاگەیاندن لە دەرونی وەرگر پەیدایدەکات، هەرچەند وەرگر زۆرتر بەپیر پەیامەکەوە بچێ، ئەوەندە پەیامی ڕاگەیـاندن کـاریگەری خۆی نواندوە و پەیوەندیکار ئامانجی پەیوەندیەکەی هێناوەتە دی، ئێمە پەیوەندی دەکەین بۆ ئەوەی کاریگەریمان هەبێت، (عەبدول، 2004، 217)

## توێژینەوەکانی پێشو

توێژینەوەی یەکەم (ناجي بن محمد بن ســـعید الســـعیدي) "تأثیر الاعلانات التلفزیونیة التجاریة على المراة. دراســـة میدانیة على المراة العمانیة العاملة في ســـلطنة عمان" (2021) لە وڵاتی عومان ئەنجامی داوە، توێژینەوەکە بەئامانجی دیاریکردنی جۆری کاریگەری بو کە ڕیکلامی بازرگانی تەلەفزیۆنی دروســـتی دەکات لەسـەر ڕەفتاری ئافرەتی عەمانی کارکەر بەپێی ئاستی ئابوری و کۆمەڵایەتی و گۆڕاوەکانی تەمەن و ئاستی خوێندنی ژنان. توێژینەوەکە پشتی بەمیتۆدی ڕوپێوی بەستوە، و تیایدا فۆرمی ڕاپرسی لەسـەر (400) ئافرەتی کارکەری عومان لەشـــارەکانی (مەســـقەت) بەیەکســـانی لەنێوان هەردو کەرتی حکومی و تایبەتدا بەکارهێناوە. توێژینەوەکە گەیشتە کۆمەڵێک دەرەنجام کە گرنگترینیان بریتیە لە:

1-کاریگەری ئافرەتی عومان کارکەر بە ڕیکلامە تەلەفزیۆنە بازرگانییەکان.

2- جیاوازی پلەی کاریگەری ئافرەتی عومان کارکەر ئافرەتی عەمانی کارکەر بە ڕیکلامە تەلەفزیۆنە بازرگانییەکان بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان، بەتایبەت بۆ ڕیکلامێک.

3-ئەو خێزانانەی کە زیاتر کاریگەرییان هەیە لەسەر ئافرەتی عەمانی کارکەر بۆ وەرگرتنی بڕیاری کڕین، و ڕیکلامە بازرگانییە لەپلەی چوارەم هات لەنێو پێنج گروپی وەکو چاوگی پرس و ڕا وەکو (خێزان، هاوڕێکان، برادەری کار، ڕیکلامەکان، فرۆشیارەکان).

توێژینەوەی دوەم: (إنجي فتحي فرج) "علاقة الجمهور المصري بالقنوات الفضائية الإعلانية وانعكاسها على السلوك الشرائي لديها"، (2020) لە وڵاتی میسر ئەنجامی داوە، توێژینەوەکە بەئامانجی خستنەڕوی پەیوەندی جەماوەری میسری بە کەناڵە ئاسمانییە تایبەتەکانی تایبەت بە ڕیکلامی بازرگانی، ئەوەش بەهۆی وەسفکردنێکی گشتی بۆ کەناڵە ئاسمانییە تایبەتەکانی لە ڕیکلامدا، کە کۆی هەمویان شەش کەناڵ ئامادەکران کە زۆرترین بینەریان هەبو لەلایەن جەماوەرەوە. هەروەها توێژینەوەکەی پشتی بەمیتۆدی ڕوپێوی بەستوە و تیایدا فۆرمی ڕاپرسی بەکارهاتوە و دابەشی سەر لێتوێژەران کرا کە (400) لێتوێژەربون بۆ زانینی سروشتی پەیوەندی جەماوەری میسری بە ڕیکلامی کەناڵە ئاسمانییەکان. توێژینەوەکە گەیشتە کۆمەڵێک دەرەنجام کە گرنگترینیان بریتین لە:

1- لاوازی متمانەی لای توێژەران بەهۆی زیادەڕۆیی ئەو کەناڵانە لە نمایشکردنی خەسڵەتەکانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان.

2-کۆمەڵێک هۆکار هەن کە کار دەکاتە سەر ڕەفتاری کڕین لەلای توێژەران کە گرنگترینیان: نرخ، کوالێتی کاڵا، خەسڵەتی کاڵا، و زانیارییەکان لەسەریان.

3-نێرەکان زیاتر بەرکەوتەی ڕیکلامەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان بەبەراورد مێی هاوتان.

**گفتوگۆکردنی توێژینەوەکانی پێشو**

ئەم دو توێژینەوەیەی کە لێرەدا باسمان کردوە سەرجەمیان باس لە ڕێکلام تەلەفزیۆنی دەکات. سەرلەبەری ئەو توێژینەوانەی لێرەدا وەک توێژینەوەی هەڵبژاردنی پیشو خراونەتەڕو، توێژەر هەوڵدەدات لە ڕێگەی تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشو، ئاراستەی ئەو توێژینەوە دیاربکەن، کە ئەنجامی دەدات، لە ڕوی شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکە و جۆری ئەو میتۆد و نمونانەی بەکارهاتون، و هەروەها ئەو ئامرازانەی بەکارهاتون لەگەڵ دیاریکردنی ئامانجەکان و ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتون. زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بەڕیکلامی تەلەفزیۆن سەرنجیان لەسەر هەمەجۆری ڕێکلام و شێوە و شێوازی بو کە بەخش دەکرا لەتەلەفزیۆن هەروەها بابەتی سەرهەڵدانی مێژوی ڕیکلامی لەخۆگرتبو، هەردو توێژینەوەکە میتۆدی ڕوپێوییان بەکارهێناوە چونکە باشترین ڕێگایە بۆ دیراسەی جمهور و گەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوە، بۆ ئەم توێژینەوەیەش توێژەر میتۆدی ڕوپێوی بەکارهێناوە، بەڵام کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی ئێمە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشو جیاوازە و ئەمە ئەنجامی جیاوازتری بەدەستهێناوە.

## باسی دوەم: تیۆرینامەی توێژینەوە

**1- ڕیکلام لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان:** ڕیکلام لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە هەڵوێست و ڕەفتاری جەماوەر بەتایبەت لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا هێندە زۆرە کە بەچەندین لێکۆڵینەوە کۆتایی نایەت. ئێستا مرۆڤ دیل و کۆنترۆڵکراوی ئەو کەناڵە هەمەجۆرو هەمەڕەنگانەیە کە بەسات ناتوانێ خۆی لە پەیامەکانی دوربگرێ، ناتونێ بۆ چەند سەعاتێک بەبێ دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن ژیان بەسەربباب. ڕیکلامی تەلەفزیۆنی هەڵگری پەیامێکی بازرگانییە و لەچوارچێوەی بەکارهێنانی تەکنیک و شێوازەکانی قەناعەتپێکردن، ڕیکلامکاران دەیانەوێت ڕوبەرێکی بەرفراوان لەبەکاربەران بهێننە ئەو باوەڕەی کە کاڵاکەی ئەوان بۆ ئەوان باشترینە.

**2-پێناسەی ڕێکلام :** بریتییە لە فۆرمێکی کۆمونیکەشن (communication) بەکاردێت بۆ ڕازیکردنی وەرگر (بینەر، بیستەر، خوێنەر) بە بەرهەمەکان، بەبیروبۆچونەکان، بە خزمەتگوزارییەک (جلال،2019، ١٣)

**3-پێناسەی ڕێکلامی تەلەفزیۆنی:** (television advertising) هەمو ئەو پەیوەندیانەی کە بۆ ڕەواجپێدان و بەبازارکردنی بەرهەم و کاڵایەکی دیاریکراو ئەنجامدەدرێت لە ڕێگای بەکارهێنانی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بۆ بە ئامانج گەیشتنی ئەو چالاکیەی (صفوت، 1998، 13)

4 – **مێژوی ڕیکلامی تەلەفزیۆن لە جیهان و هەرێمی کوردستان:** یەکەم ڕیکلامی تەلەفزیۆنی دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٤١/٧/١ کاتێک لە کەناڵێکی ناوخۆیی نیۆیۆرک لە کاتی پەخشکردنی یاری (بەیسبۆڵ) ڕیکلامێکی ١٠ چرکەیی نیشاندرا، کە تێچوەکەی تەنها ٤ دۆلار بو، ئەم دەستپێکە بو بە وەرچەخانێک لەئاست برەو پەیداکردنی بایەخی ڕیکلام زۆرێک لە کۆمپانیاکان هاتنە پێش بۆ ڕیکلام لەوانە: (کۆگای گامبل) (پان ئەمریکان بۆ فرۆکەوانی) (کۆمپانیای فیرستۆن بۆ تایە) دوای ئەم قۆناغە و پێزانینی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکان لەهەمبەر کاریگەری ڕیکلامی تەلەفزیۆنی دامەزراندنی (ئاژانسی ڕیکلام)ی بو لە ساڵی ١٩٤٨ (پیتر شاندور، 2010، 69) هەرچی پەیوەستە بە وڵاتانی ئەوروپا دوای جەنگی دوەمی جیهانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی برەوی پەیداکرد لە وڵاتانی عەرەبی بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٥٤ لە تەلەفزیۆنی مەغریب ڕیکلامی بازرگانی نیشاندرا لە ساڵی ١٩٦٠ لە ماوەی پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنی یەک کاتژمێری تەنها (٩) خولەک ڕیکلام هەبو، بەڵام لەساڵی ١٩٩٠ لە ماوەی یەک کاتژمێر پرۆگرامی تەلەفزیۆنی (١٩) خولەک ڕیکلام دادەبەزی. یەکەم ڕیکلامی بازرگانی بە کوردی بۆ سابونی (عتور) لە ساڵی ١٩٥٩ کرابو، لەساڵانی شەست ئافرەتێکی خەڵکی سلێمانی بەناوی (شیرین عادل) بە شێوەی وێنەی ڕەنگاوڕەنگ (پۆسکارت)، ڕیکلامی بۆ ڕۆنی (یاسەمین) دەکرد، بەڵام مێژویەکی دیاریکراو نییە بۆ ڕیکلامی خۆماڵی (لۆکاڵی) لە کوردستان، بەربڵاوترین مێژوی ڕیکلام دوای ساڵی ١٩٩٠ دەستپێکردوە، بەڵام تا ئێستا

نەتوانراوە پۆلێنبکرێت، زۆر بێ بەرنامە بوە، لە کوردســـــتان هیچ بنەماییەکی زانســـــتی نەبوە، زۆرجار کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕەفتار و میزاج و تاکی کوردی هەبوە. (عوسمان، 2013، 75)

**5-گرنگی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی:** ڕیکلام بۆتە بەشێکی سەرەکی لە ژیانی ڕۆژانەماندا لە ڕوی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ســـیاســـی، چونکە ئێمە وەک تاکەکانی کۆمەڵگە بەگشـــتی بەکارهێن و بەرهەمێن و بازرگانان و بریکار پێویســـــتیمان پێیەتی. بۆ ئێمەی بەکارهێن ڕیکلام پێویســـــتییەکی گرنگە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانمان لەتێربون، چونکە زانیاری پێویستمان پێدەبەخشێت و بەتەواوی ئاشنامان دەکات بەباشترین جۆری کاڵاکان و خزمەتگوزارییە نیشـــــاندراوەکان، لەگەڵ تایبەتمەندی و نرخی ئەو کاڵایانە و شــــوێن و ناونیشــــانیان. (ناصر، 2009، 33)

**6-گرنگترین پرەنســـیپە ســـەرەکییەکانی ئامادەکردنی ڕیکلام لەتەلەفزیۆن:** پێویســـتە وێنە و نیگاو هێڵکاری بەفراوانی بەکـاربهێنرێـت، تـازۆرترین توانـای دەربڕین بۆ ڕیکلام دروســـــت بکـات، ســـــودوەرگرتن لەخاســـیەتەکانی کاڵاکە و بەراوردکردنی لەگەڵ کاڵاکانی تر بەبێ ناوهێنانی مارکەی کاڵاکانی تر، ســـادەو ســاکاری و داهێنەری لە خســتنەڕو و داڕشــتنی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی، هەوڵدان بۆ دورکەوتنەوە لەشــێوازی گاڵتەجاڕی بێســــنور جگە لەو کاتانەی کە پێویســــت دەبێ، چوارچێوەیەکی واقیعیانە و جێگەی باوەڕ بۆ بینەردروست بکات کە زۆرترین کاریگەری هەبێت (حمدي، 2016، 67)

**7-توخمە ســـــەرەکییە کانی ڕیکلام لە تەلەفزیۆنییدا:** چەند توخمێکی ســـــەرەکی لە پێکهاتەی ڕیکلامی تەلەفزیۆنییدا هەن، کەوا هەر توخمێکیان خوازراوبن یان نەخوازراو، پێویســـــتە بەکاربهێندرێن. هەمو ئەو توخمانە گرنگن بۆ هێزی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی.

**1-هەســت و ســۆز جولاندن**: پێویســتە ڕیکلام لایەنی کەم هەندێک ســۆزی بۆ بینەر تێدابێت. بەبێ توخمی هەســـت و ســـۆز جوڵاندن، بینەر بەبێ دەنگی لەســـەیرکردنی ڕیکلامەکە دەردەچێت و لێی دادەبڕێت. هەر بۆیە نەبونی ئەم توخمە لە ڕیکلامی تەلەفزیۆندا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گۆڕینی کەناڵی تەلەفزیۆنی.

2-**ڤیدیۆ:** پێویســـــتە ڕیکلام بە تەنها لە ڕێگەی ڤیدیۆوە توانای گەیاندنی پەیامی ڕیکلامەکەی هەبێت و ئەو ڤیدیۆیە بە تەنها هەڵگری ئەو هێزو مانایە بێت کەوا ڕیکلامەکە دەیەوێت بیگەیێنێت. واتە پێویستە ڕیکلامەکە پەیامەکە تێپەڕێنێ بەبێ ڕەچاوکردن و چاوەڕێکردنی دەنگ(Audio) ڕیکلامەکە پێویســـــتە لە ڕێگەی ڤیدیۆوە هەمو زانیارییە پێویســــتەکان پیشـــــانبدات، چونکە ڕەنگە تۆ دەنگەکەت گرتبێتەوەو بەتەنها بینین ڕۆڵببینێت و وا لێی تێبگەیت کە ڕیکلامەکە پەیوەندی بەچییەوە هەیە و باسی چی دەکات.

3– **دەنگ(Audio)** ئەو بیرۆکەیەی کەوا بەسەر ڤیدیۆ لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا جێبەجێ دەکرێت، بە هەمان شێوە پێویستە بەسەر دەنگ لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا جێبەجێ بکرێت. دەنگ پێویستە خاوەنی هێزی خۆی بێت. پێویستە دەنگ هەڵگری هەمو ئەو زانیاریانە بێت کە ڕیکلامەکە دەیەوێت بیگەیێنێت و چاوەڕوانی ڤیدیۆ

(بینین) نەکات. دەنگ و ڤیدیۆ، پێویســـتە هەریەکە خاوەن هێزی خۆی بێت و بەنیتی یەکتر تەواوکردن، دروســت نەکرێن. ڕەنگە دەنگ ببێتە پڕکردنەوەی توانای کەمی بینین، دوای ئەوەی ڤیدیۆ دوا توانای خۆی بەکاردێنێت، بەڵام ســـودی زیاتری هێزی دەنگ بەتەنها لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا بۆ ئەوەیە کەوا پانتایی وەرگرو کڕیار زیاد بکات و برەو بەبەرهەمەکە دەدات و فرۆش زیاد دەکات. بۆیە پێویســـتە دەنگەکە ڕون و ڕەوان و زمان پاراوبێت. بەشـــێوەیەکی گشـــتی پێویســـتە لە ڕیکلامێکی تەلەفزیۆنی بەتەواوی تێبگەین ئەگەر بێت و چاومان بنوقێنین یان سەیری نەکەین و تەنها گوێی بدەینە ڕیکلامەکە.

**4-هاوکاتبون و لەگەڵ یەکەوە بونی ڤیدیۆ و ئۆدیۆ:** واتە بەهاوتەریبی لەگەڵ یەکتردا ڕۆیشـتنی ڤیدیۆ و دەنگ بەیەکەوە. پێویســـتە لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا، ئەوەی دەبینین ئەوەش ببیســـتین یاخود ئەوەی دەیبیســـتین ئەوەش ببینین. ئەو شـــێوازە توندو تۆلی و گونجان و یەک پارچەیی وەک زنجیرەیەک دەداتە ڕیکلامەکە.

**٥-داواکردن بۆ کڕین.(Call To Action) داواکردن بۆ کڕین،** واتە شوێن و ناونیشانی بەرهەمەکە بەئاســـانی بە بینەر بڵێیت و لەبیرنەکەیت، چونکە ئەمە هۆکاری ســـەرەکییە کەوا دەویســـترێت ڕیکلامی بۆ بکرێــت. داواکردن بۆ کڕین یـــان داوا لێکردن و پێ وتن بە وەرگر بۆ چۆنێتی کڕینی بەرهەمەکە و دەســـتکەوتنی. چەند دەســـتەواژەیەکی باو بەکاردێت وەک: دوا نەکەویت. ئێســـتا پەیوەندی بکە بە ژمارە تەلەفۆنی ١٢٣٤٥٦٧٨ و هەر ئەمڕۆ ســـەردانی نازەمۆلڕ بکە و هەر ئێســـتا ســـەیری ویب ســـایتی www.greenland.comبکە. و تەنها ژمارەیەکی دیاریکراو لەبەردەستدایە. ئەگەر نەما لەدەستت دەچێ. و لە ڕیکلامی تەلەفزیۆندا زیاتر وشـەی تۆیان ئێوە بەکاربێنە لەجیاتی وشـەی من یان ئێمە (جلال، 2019، ٦٨)

## 8- هۆکارە کاریگەرییەکانی سەر ڕەفتاری کڕینی بەکاربەر

### یەکەم: هۆکارە کاریگەرییەکانی سەر ڕەفتاری کڕینی بەکاربەر

**1–پێناســـەی ڕەفتار:** بریتییە لەکۆمەڵە هەڵوێســـتێک کە پەیوەســـتە بە هەوڵی شـــاراوە کە ناڕونێکی ڕاســـتەوخۆیە، کە شـــی ناکرێتەوە تەنها لەحاڵەتی توێژینەوەی هەمو کاریگەرە ناوەکی و دەرەکییەکان. (السلمي، 2003: 23).

**2– پێناسەی بەکاربەر:** ئەو مەبەستەیە کە بەرهەمهێنەری کاڵا یاخود پێشکەشکەری خزمەتگوزارییەکە هەوڵی بۆدەدا، یاخود لەبەرچاوی هەمو ئەوانەن کە لەبواری بازاڕگەری کاردەکەن (عمر،2008: 13).

**3- پێناسەی ڕەفتاری بەکاربەر:** بریتییە لە کۆمەڵە ڕەفتارێک کە دەبیندرێت لەسـەر تاکەکان کە ڕاسـتەوخۆ هەڵدەســـتن بۆ بەدەســـتهێنانی کاڵاو خزمەتگوزارییە ئابورییەکان، یاخود بەکارهێنانیان، یان ئەوانەی کە پێویستیان پێیەتی، بەڵام لەدوای وەرگرتنی بڕیارێکی پێشوەختەپێش ڕەفتارەکانیان. (اکرام، 2009: 69)

**دوەم: جۆرەکانی ڕەفتاری کڕین** :رەفتاری کڕینی بۆ دو جۆر دابەشـــکردوە کە بریتیین لە 1. ڕەفتاری کڕینی پلان داڕێژراو 2- ڕەفتاری کڕینی خۆڕسک (بێپلان).

یەکەم: ڕەفتاری کڕینی پلان داڕێژراو: لەم حاڵەتەدا ڕەفتاری کڕین بەکۆمەڵێک قۆناغ تێدەپەڕێت کە بریتین لە: 1.گەڕان بەدوای زانیارییەکان. 2-کۆکردنەوەی زانیارییەکان.

3-هەڵسەنگاندنی جێگرە بەردەستەکان. 4-هەڵبژاردنی جێگرەوەی باشترین.

5-هەستان بەکردەیی پرۆسەی کڕین. 6-هەڵسەنگاندن لەدوای پرۆسەی کڕین.

دوەم: ڕەفتاری کڕینی خۆڕسک (بێپلان): گەڕانی بێ شومار بەدوای ڕەفتاری کڕینی خۆڕسک دەگەڕێتەوە بۆ ســـەرەتای پەنجاکانی ســـەدەی بیســـتەم، گەڕان بەدوای چاوخســـتنەســـەر بڕیارەکانی کڕین کە بەکاربەر ڕاستەوخۆ وەریدەگرێ لەدوای چونە ژورەوەی بۆ مارکێتێک، لەدوای بینینی ڕیکلامێکی بڵاوکراوە، قۆناغی وەرگرتنی بڕیاری کڕینی بێ بیرکردنەوەی پێش وەختە زۆر خێرا دەبێـــــــت لەم جۆرە (أبراهیم، 2014، 124)

## سێیەم: هۆکارە کاریگەرییەکانی سەر ڕەفتاری کڕین:

یەکەم: هۆکاری کەســـێتی: دەکرێت پێناســـــەی کەســـێتی بەم شـــێوەیە بکرێت: بریتییە لەو ســـیفەت و تایبەتمەندییە دەرونییەی ناوەوە کە ئەوە هەمو شـــت دیاری دەکات و ڕەنگدانەوەی لەســـەر هەڵســـوکەوتی تاک و ڕەفتاری دەبێت لەبەرامبەر هەمو ئاگادارییە ناوەکی و دەرەکییەکانی ئەو ژینگەیەی تیایدایە بەشـــــێوەیەکی خولی بەردەوام. لەم پێناســـــەیەدا بۆمان ڕون دەبێتەوە کە تایبەتمەندییە ســـــەرەکییەکانی کەسێتی بریتییە لە کەسێتی تەنها بریتییە لە کۆمەڵێ سیفاتی ناوەخۆی وەکو بەهاو سیفەتی وەرگیراو بۆ ماوەیی، لەسەر ڕۆشنایی ئەمانە ئەم تایبەتمەندییانە کاریگەری دەبێت لەسەر ئاراستەو هەڵوێستەکانی تاک لەبەرامبەر شتەکان، بیرۆکەکان، کاڵاکان، خزمەتگوزارییەکان، ...هتد (عبیدات، 2008: 193-194).

هەروەها کەسێتی دەبێتە ڕەنگدانەوەو نیشاندانی جیاوازییەکانی تاک لەنێو تاکەکانی دیکەدا، و سیفەتەکانی ناوەخۆی تاکەکان نابێتە هۆی دۆزینەوە دو کەســــایەتی لێکچو بەشـــــێوەیەکی تەواو، بەڵکو دەبێتە هۆی دۆزینەوەی کەسایەتی بەڕێژە نزیک لەتەواو.

دوەم: هۆکارە دیمۆگرافییەکان: هۆکارە دیمۆگرافییەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینن لە دۆزینەوەی پرۆسەی وەرگرتنی بڕیاری کڕینی بەکاربەر؛ وەکو داهات، تەمەن، پیشـــە، ئایین، ڕەگەزو چەندەهای دیکە لە گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان کە کاریگەرن لە هەر قۆناغێکی وەرگرتنی بڕیاری کڕین. (جواد، 2008: 93).

سێیەم: هۆکارە سایکۆلۆژییەکان: کۆمەڵێک فاکتەر و هۆکار لەخۆدەگرێت وەکو پاڵنەر، درکپێکردن، فێربون، پێداویستییەکان، ئاراستەکان و بڕواکان، و ئەم بابەتەش بەشێوەیەکی زۆر پەیوەستە بەدەرونناسی و ئەو شـــتەی کە پیاوی بازاڕ دەبێت بیزانێ، ئەو کات هۆکارەکان تێدەگات و ڕەنگدانەوەی لەســـەر بڕیاری کڕینی بەرکابەرەوە دەبێت. ئەوەی جێی ئاماژەپێدانە گرنگی کەسان یاخود تیمی بازاڕکردن ڕێکخراوەکە بەکۆمەڵێ

زانستی پەیوەستدار بە چالاکی بازاڕکردن، چونکە یارمەتیدەرە بۆ سەرکەوتنی ئەو چالاکییە. (محمد،2004، 176).

## باسی سێیەم: پراکتیکنامەی توێژینەوە

### یەکەم: ڕێکارەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکە

دوای ئامادەکردنی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوە کە لەلایەن توێژەرەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرپەرشتیاری توێژینەوە، توێژەر بۆ دەرهێنانی ڕاستی، فۆڕمەکەی بەسەر ئەم مامۆستا و پسپۆڕانەی خوارەوە دابەشکرد: 1-پ.د.سامی السعید النجار ڕاگەیاندن، زانکۆی المنصورە. 2-پ.د.محمد أحمد المرسی، ڕاگەیاندن، زانکۆی القا هیرة 3-پ.د. محمود أسماعیل حسن، ڕاگەیاندن، زانکۆی عین الشمس 4-پ.د.یوسف حمەصالح مستەفا، دەرونزانی، زانکۆی سەلاحەدین 5-پ.ی.د. محمد حسین شوانی، کۆمەڵناس، زانکۆی سەلاحەدین 6-پ.ی.د. پ.ی.د. ڕزگارمغدید أحمد، ئامار، زانکۆی سەلاحەدین 7-پ.ی.د. ڕضوان خضر علی، ڕاگەیاندن، زانکۆی سەلاحەدین، 8-پ.ی.د. ساسان جلال مولود، ڕاگەیاندن، زانکۆی سەلاحەدین، 9-پ.ی.د. هۆشیار مظفر علی، ڕاگەیاندن، زانکۆی سەلاحەدین.

لەپێناو گەیشتن بەئامانجی توێژینەوە، توێژەر هەستا بەدابەشکردنی (500) فۆرم بەسەر جەماوەری

| ڕەگەز | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| نێر | 250 | 50.0% |
| مێ | 250 | 50.0% |

هەرێمی کوردستان سەیری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکەن لەپارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە)، پاش بەتاڵکردنی زانیاریەکانی لەشێوەی خشتە ئەنجامەکانی ڕونکراوەتەوە و شیکردنەوەی بۆ کراوەو ئەنجامی توێژینەوەکە خراوەتەڕو:

**دوەم: شیکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی و خستنەڕوی زانیارییەکانی توێژینەوە**

**2-1 تەوەری یەکەم : زانیارییە گشتییەکانی نمونەی ئەم توێژینەوەیە لە هەریەک لەمانەی خوارەوەپێکدێت:**

### 2-1-1ڕەگەزی نمونەی توێژینەوە

**خشتەی (1) ڕەگەزی نمونەی توێژینەوەکە ڕون دەکاتەوە**

گۆڕاوی ڕەگەز کاریگەریکەرە بەهەمو ئەوانەی لەدەوروبەریدان و ڕۆژانە لەپەیوەندی و کارلێکدایە لەگەڵیان، بۆیە ئەم گۆڕاوە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لەتوێژینەوەکاندا، ئەم گۆڕاوە کاریگەری هەیە لەسەر

ئەو زانیاریانەی کە بەدەســت دەهێنرێت، چونکە هەرتاکێک بەپێی ڕەگەزەکەی بیردەکاتەوە، بۆیە پێویســتە لەســەر توێژەر لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەدا هەر دو ڕەگەزی نێرو مێ وەربگرێت بۆیە بەدەســتهێنانی جیاوازی لە زانیارییەکان و جیاوازی لەئەنجامەکان. نمونەی توێژینەوە لە هەردو ڕەگەزی نێرو مێ پێکدێت بەجۆرێک لەم خشــتەیەدا ڕەگەزی نێر لەنمونەی توێژینەوە (250) لێتوێژەران لەکۆی (500) لێتوێژراو بەڕێژەی (50%) پێکدەهێنێت، لەبەرامبەردا ڕەگەزی مێ لەنمونەی توێژینەوە (250) لێتوێژەران لەکۆی (500) لێتوێژراو بەڕێژەی (50%) پێکدێت، ڕێژەکە جیاوازی نییە. ئەگەر سەرنج بدەین لەم خشتەو وێنەی ســەرەوە بۆمان دەردەکەوێت جیاوازی نێوان هەردو ڕەگەز نێرومێ بۆ ســەیرکردنی ڕێکلامی بازرگانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وەک یەکن.

بەڕای توێژەر ئەگەر سەرنج بدین لەم خشتەو وێنەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت جیاوازی نێوان هەردو ڕەگەز نێر و مێ بۆ سەیرکردنی ڕکلامی بازرگانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، هەر یەک لەم ڕەگەزانە بەشێوەیەکی ڕێژەیی گرنگی بەسەیرکردنی ڕیکلامە بازرگانییەکان دەدەن.

## 2 -تەمەنی نمونەی توێژینەوە:

**خشتەی (2)تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە ڕون دەکاتەوە**

| تەمەن | دوبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| 18–27 | 159 | 31.8% |
| 28–37 | 121 | 24.2% |
| 38–47 | 107 | 21.4% |
| 48–55 | 113 | 22.6% |
| کۆی گشتی | 500 | 100.0% |

لەم خشــتەیەدا دەردەکەوێت زۆرینەی نمونەی توێژینەوە تەمەنیان لەنێوان (18–27) ســاڵیدایە بە ڕێژەی (8،31%) پلەی یەکەمی وەرگرتوە، هەروەها ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (28–37) ســـاڵیدان بە ڕێژەی (6،22%) پلەی دوەمدایە، بەڵام ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (48–55) ساڵیدان بە ڕێژەی (2،24%)لە پلەی ســێیەمدا دێت، کەچی ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (38–47) ســـاڵیدایە بە ڕێژەی (21.4%) لە پلەی چوارەمدایە. نزیکەی زۆرترین نمونەی توێژینەوەکە لەتوێژی گەنجان پێکدێت کە تەمەنیان نێوان (18–37) و (28–37) ساڵیدایە.

ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە کۆمەڵگای کوردســـتانی بەتایبەت شـــارە گەورەکان بەکۆمەڵگەیەکی گەنج هەژمار دەکرێت، و ســـەیری کەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکان دەکەن، ئەم تەمەنەش لەهەڕەتی پێگەیشتویی و لێهاتویی دایە بۆیە ڕێژەکەی لە هەمویان زێدەترە.

## 3-ئاستی خوێندنی نمونەی توێژینەوە:

**خشتەی (3) ئاستی خوێندن نمونەی توێژینەوە کە ڕون دەکاتەوە**

| ئاستی خوێندن | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| بنەڕەتی | 32 | 6.4% |
| ئامادەیی | 48 | 9.6% |
| دیپلۆم | 153 | 30.6% |
| بکالۆریۆس | 187 | 37.4% |
| ماستەر | 47 | 9.4% |
| دکتۆرا | 33 | 6.6% |
| کۆی گشتی | 500 | 100.0% |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە کە ئەوانەی بڕوانامەی بکلۆریۆسیان هەیە بە ڕێژەی (37.4%) بەپلەی یەکەم دێت، هەروەها ئەوانەی خاوەن بڕوانامەی دبلۆمن بە ڕێژەی (30.6%) پلەی دوەمی گرتوە، گەرچی ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیین بە ڕێژەی (9.6%) لەپلەی سێیەمدایە، خاوەن بڕوانامەی ماستەر بەڕێژەی (9.4%) لەپلەی چوارەمدایە، کەچی ئەوانەی خاوەن بڕوانامەی دکتۆران بەڕێژەی (6.6%) لەپلەی پێنچەمدایە، خاوەن بڕوانامەی بنەڕەتی کەمترین پلەیان بەڕێژەی (6.4%) وەرگرتوە، ئەو ڕێژانە بۆمان دەردەخات کە زیاتر ئەم چین وتوێژانەی فۆرمەکەیان پڕکردۆتەوە خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دبلۆمن لە پێشەوەی ئاستەکانی خوێندن دێن، لەڕوی سەیرکردن و گرنگدان بەڕێکلامە بازرگانییەکان، ئەوەش مایەی نیگەرانی نییە، چونکە ئەو توێژە بەکەسانی ڕۆشنبیرو هۆشیاری نێو کۆمەڵگە دادەنرێت.

بە ڕای توێژەر ئەو ڕێژانە بۆمان دەردەخات کە زیاتر ئەم چین وتوێژانەی فۆرمەکەیان پڕکردۆتەوە خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دبلۆمن لەپێشەوەی ئاستەکانی خوێندن دێن، لەڕوی سەیرکردن و گرنگدان بەڕێکلامە بازرگانییەکان، ئەوەش مایەی نیگەرانی نییە، چونکە ئەو توێژە بە کەسانی ڕۆشنبیرو هۆشیاری نێو کۆمەڵگە دادەنرێت.

## 4-باری کۆمەڵایەتی نمونەی توێژینەوە:

**خشتەی (4) باری کۆمەڵایەتی نمونەی توێژینەوەکە ڕون دەکاتەوە**

| باری کۆمەڵایەتی | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| سەڵت | 167 | 33.4% |
| خێزاندار | 268 | 53.6% |
| جیابونەوە | 54 | 10.8% |
| بێوەژن | 11 | 2.2% |
| کۆی گشتی | 500 | 100.0% |

لەم خشتەیەدا لەکۆی گشتی لێتوێژراوان باری کۆمەڵایەتی خێزاندار بە (268) یەکەوە بە ڕێژەی (%53.6) هاتوە، خێزاندار زیاتر لەنیوەی نمونەی توێژینەوە پێکدەهێنێت، لەکاتێکدا سەلت بە (167) یەکەوە بە ڕێژەی (%33.4) لەپلەی دوەم هاتوە، کەچی جیابونەوە (54) یەکەوە بە ڕێژەی (%10.8) لەپلەی سـێیەم هاتوە، بـاری کۆمـەڵایـەتی بێوەژن بـە (11) یـەکـەوە بـە ڕێژەی (%2.2) لـەپلـەی چوارم هـاتوە کـەمترین پلـەی وەرگرتوە، کەواتە زۆربەی دەستنیشـانکراوانی توێژینەوەکە خێزاندارن ئەمەش ئاسـاییە چونکە کۆمەڵگای توێژینەوە تەمەنیان نێوان (18–55) سـاڵە زۆربەی هاووڵاتی لەم تەمەنەدا هاوسـەرگیریان کردوە، ئەنجامەکان بەڕونی ئەوە دەخاتەڕو کەسـی خێزاندار چ ڕەگەز نێریان ڕەگەز مێ ڕادەی سـەیرکردن و گرنگیپێدانی بەڕێکلامە بازرگانییەکان زیاترە، ڕەنگە هۆکارەکەشـی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە پێداویسـتییەکانی خێزان و کەسی خێزاندار زیاترە بەبەراود لەگەڵ کەسی سەڵت.

بە ڕای توێژەر ڕەنگە هۆکارەکەشـی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە پێداویسـتییەکانی خێزان و کەسـی خێزاندار زیاترە بەبەراود لەگەڵ کەسـی سـەڵت، سـەرەرای بونی بەرپرسـیارێتی خێزانی، بۆیە باری خێزانی ڕێگر نەبوە لەبەردەم کارکردنیان بەڵکو حەزو و ئارەزو ئازادییان وایکردوە سـەیری ڕێکلامی کەناڵە ئاسـمانییە کوردییەکان بکەن.

## 5- شوێنی نیشتەجێبونی نمونەی توێژینەوە:

**خشتەی (5) شوێنی نیشتەجێبون نمونەی توێژینەوەکە ڕون دەکاتەوە**

| شوێنی نیشتەجێبون | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| هەولێر | 150 | 30.0% |
| سلێمانی | 150 | 30.0% |
| دهۆک | 130 | 26.0% |
| هەڵەبجە | 70 | 14.0% |
| کۆی گشتی | 500 | 100.0% |

کاریگەریی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تاکەکان تیایدا دەژین بەســـەر دۆخی ژیانی کەســـی و بەشـــداریی لەکایەکانی ژیاندا، بەندە بەو ماوەیەی کە تاکەکان لەو شـــوێن و ژینگەیەدا دەمێنێتەوە و دەژین. جا بەو پێیەی کە شـــار مەڵبەندی ســـەرهەڵدان و پیادەکردنی ژیانی مەدەنییە، بۆیە مانەوەو ژیانکردن تیایدا، کاریگەری هەیە لەسەر ڕەفتاری سیاسی تاکەکان و چۆنێتی بیرکردنەوەیان. لەم خشتەیەدا لە کۆی گشتی لێتوێژراوان، شـوێنی نیشـتەجێبون هەولێر بە (150) یەکە بە ڕێژەی (30%) هاتوە، و سـلێمانی بەهەمان شـێوە بە (150) یەکە بە ڕێژەی (30%) هاتوە، لەکاتێکدا دهۆک بە (130) یەکە بە ڕێژەی (26%) هاتوە، کەچی هەڵەبجە بە (70) یەکە بە ڕێژەی (14%) هاتوە، دەتوانین بڵێین لەڕوی شوێنی نیشتەجێبون نمونەی توێژینەوەکە گوزارشـتێکی باش لەکۆمەڵگای توێژینەوەکە دەکات، زانیاری گشـتی لەبارەی ناونیشـان، ئەو پارێزگایانەی کە سنوری توێژینەوەکە دەیانگریتەوە وەک: پارێزگای هەولێر، پارێزگای سلیمانی، پارێزگای دهۆک، پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردســـتان، بە ڕێژەی گونجاو لەخۆدەگرێت وەرگرتنی هەردو ڕەگەزی نێرو مێ، تەمەنیان نێوان (18–55)ساڵیدایە، کە هەمو ئاستەکان خوێندن دەگرێتەوە.

بە ڕای توێژەر لەڕوی شـــوێنی نیشـــتەجێبون نمونەی توێژینەوەکە گوزارشـــتێکی باش لەکۆمەڵگای توێژینەوەکە دەکات، زانیاری گشـــتی لەبارەی ناونیشـــان، ئەو پارێزگایانەی کە ســـنوری توێژینەوەکە دەیانگریتەوە وەک: پارێزگای هەولێر، پارێزگای ســلێمانی، پارێزگای دهۆک، پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان، بە ڕێژەی گونجاو لەخۆدەگرێت وەرگرتنی هەردو ڕەگەزی نێرو مێ، تەمەنیان نێوان (18–55) ساڵیدایە، کە هەمو ئاستەکان خوێندن دەگرێتەوە.

## تەوەری دوەم: پرسیارکانی تایبەت بەریکلامی بازرگانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

خشەی (6) کاریگەری ڕیکلامی بازرگانی کەناڵە ئاسمانییەکان لەسەر ڕەفتاری کڕین دیاری دەکات.

| کـــۆدی پرسیارەکان | زۆر هاوڕانیم | | هـاوڕا نیم | | دڵنیانیم | | هاوڕام | | زۆر هاوڕام | | نـاوەنـدی ژمێریاری | لادانـــی پێوانەیی | ڕێـــژەی لەگەڵبون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | | | |
| T3.1 | 89 | 17.8% | 94 | 18.8% | 79 | 15.8% | 109 | 21.8% | 129 | 25.8% | 3.19 | 1.455 | 63.80% |
| T3.2 | 94 | 18.8% | 86 | 17.2% | 81 | 16.2% | 128 | 25.6% | 111 | 22.2% | 3.15 | 1.431 | 63.04% |
| T3.3 | 89 | 17.8% | 81 | 16.2% | 76 | 15.2% | 124 | 24.8% | 130 | 26.0% | 3.25 | 1.450 | 65.00% |
| T3.4 | 119 | 23.8% | 112 | 22.4% | 99 | 19.8% | 81 | 16.2% | 89 | 17.8% | 2.82 | 1.422 | 56.36% |
| T3.5 | 84 | 16.8% | 85 | 17.0% | 97 | 19.4% | 121 | 24.2% | 113 | 22.6% | 3.19 | 1.399 | 63.76% |
| T3.6 | 87 | 17.4% | 83 | 16.6% | 98 | 19.6% | 118 | 23.6% | 114 | 22.8% | 3.18 | 1.408 | 63.56% |
| T3.7 | 85 | 17.0% | 97 | 19.4% | 87 | 17.4% | 111 | 22.2% | 120 | 24.0% | 3.17 | 1.425 | 63.36% |
| T3.8 | 84 | 16.8% | 87 | 17.4% | 79 | 15.8% | 133 | 26.6% | 117 | 23.4% | 3.22 | 1.415 | 64.48% |
| T3.9 | 84 | 16.8% | 66 | 13.2% | 60 | 12.0% | 159 | 31.8% | 131 | 26.2% | 3.37 | 1.426 | 67.48% |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.17 | 1.43 | 63.43% |

لەم خشـــتەدا دوبارەبونەوەی ڕێژەی ســـەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەی و ڕێژەی لەگەڵبون

لەکاریگەری ڕیکلامی بازرگانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەسەر ڕەفتاری کڕین لای نمونەی توێژینەوە ڕوندەکاتەوە. زۆرینەی نمونەی توێژینەوە لەبڕگەی ڕیکلامە بینراوەکان لە ڕیکلامە بیستراو و چاپکراوەکان کاریگەریان زیاترە، و یارمەتیدەرە بۆ تاقیکردنەوەی کاڵای گونجاو، بە ڕێژەی (67.48%) پلەی یەکەمی وەرگرتوە، هەروەها برگەی ڕیکلامی بازرگانی هەمو تایبەتمەندییەکانی کاڵاکە ڕون ناکاتەوە، بە ڕێژەی (65.00%) لەپلەی دوەمدا دێت. و برگەی ڕیکلامی بازرگانی بینراوەکان دەتوانێ وێنەیەکی جوان لەبارەی کاڵاکە پێشـــکەش بکات، بە ڕێژەی (64.48%) لەپلەی ســـێیەمدایەو برگەی وێنەی ئەو کاڵایەی ڕیکلامی بازرگانی بینراوی بۆ کراوە لەیادناکەم تاماوەیەکی دورو درێژ لەدواین پلەدێت بە ڕێژەی (56.36%). لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی لەم خشتەیەدا خراونەتەڕو، ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە (3.17) و لادانی پێوانەیی (1.43) لەگەڵ کۆی گشتی لەگەڵبون کە دەگاتە (63.43%) بەمەش دەکرێت بڵێین پێوانەی لیکرتی لەئاستێکی ناوەند دایە.

بە ڕای توێژەر بەهۆی ئەو پێشکەوتنەی لەبواری تەکنەلۆجیا بەدەست هاتوە وایکردوە ڕێکلامە بینراوەکان کاریگەریان زیاتربێت لەســـەر جەماوەر لە ڕێکلامە چاپکراوەکان و کاریگەری لەســـەر ڕەفتاری جەماوەر کردوە.

**خشتەی (7) ئاراستەی جەماوەر بەرەو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان نیشان دەدرێن**

| کـــۆدی پرسیارەکان | زۆر هاوڕانیم | | هاوڕا نیم | | دڵنیانیم | | هاوڕام | | زۆر هاوڕام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێـــژەی لەگەڵبـــون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | | | |
| T3.10 | 72 | 14.4% | 73 | 14.6% | 59 | 11.8% | 142 | 28.4% | 154 | 30.8% | **3.47** | **1.423** | **69.32%** |
| T3.11 | 137 | 27.4% | 144 | 28.8% | 69 | 13.8% | 76 | 15.2% | 74 | 14.8% | **2.61** | **1.408** | **52.24%** |
| T3.12 | 63 | 12.6% | 65 | 13.0% | 51 | 10.2% | 174 | 34.8% | 147 | 29.4% | **3.55** | **1.362** | **71.08%** |
| T3.13 | 62 | 12.4% | 63 | 12.6% | 53 | 10.6% | 169 | 33.8% | 153 | 30.6% | **3.58** | **1.362** | **71.52%** |
| T3.14 | 151 | 30.2% | 178 | 35.6% | 48 | 9.6% | 64 | 12.8% | 59 | 11.8% | **2.40** | **1.346** | **48.08%** |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.12 | 1.38 | 62.45% |

لەم خشـــتەدا دوبارەبونەوەی ڕێژەی ســـەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەی و ڕێژەی لەگەڵبون لەئاراســـتەکانی جەماوەر بەرەو کەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکان لای نمونەی توێژینەوە ڕون دەکاتەوە. زۆرینەی نمونەی توێژینەوە لە برگەی ڕیکلامی بازرگانی لەکەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکان بینەر هاندەدات بۆ کڕینی جۆرەها کاڵا کە پێویســـتی پێ نییە، بە ڕێژەی (71.52%) پلەی یەکەمی وەرگرتوە، هەروەها

برگەی باشـــتر وایە کاتێکی دیاریکراو هەبێت پێشـــکەشـــکردنی ڕیکلامی بازرگانی لە کەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکان، بە ڕێژەی (71.08%) لەپلەی دووەمدا دێت. و برگەی ڕیکلامی بینراو لەکەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکان تێچو لەخۆدەگرێت، بۆیە نرخی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان بەرزدەکاتەوە، بە ڕێژەی (69.32%) لەپلەی سێیەمدایە و برگەی ڕیکلامی بازرگانی لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان پابەند نابێت بە پێوەری بەها کۆمەڵایەتییەکان لەدواین پلەدێت بە ڕێژەی (48.08%). لە ژێر ڕۆشـــنای ئەو ئەنجامانەی لەم خشـــتەیەدا خراوەتەڕو، ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە (3.12) و لادانی پێوانەیی (1.38) لەگەڵ کۆی گشـــتی لەگەڵبون کە دەگاتە (62.45%) بەمەش دەکرێت بڵێین پێوانەی لیکرتی لەئاستێکی ناوەند دایە.

بەرای توێژەر بەچەندین شێواز دەتوانرێت ڕیکلامی بازرگانی ئاراستەی جەماوەر بکرێت، بەڵام ئاراستەی جەماوەر بەرەو کەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکان کاریگەری زیاتری دەکاتە ســـەر بینەر و هانیان دەدات بۆ کڕینی کاڵاکان.

**خشتەی ژمارە (8) ئەرکی ڕیکلامی بازرگانی کە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان نیشان دەدرێن**

| کـــۆدی پرسیارەکان | زۆر هاورانیم | | هاورا نیم | | دڵنیانیم | | هاورام | | زۆر هاورام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | | | |
| T3.15 | 96 | 19.2 % | 92 | 18.4 % | 71 | 14.2 % | 123 | 24.6 % | 118 | 23.6 % | **3.15** | **1.457** | **63.00 %** |
| T3.16 | 91 | 18.2 % | 84 | 16.8 % | 65 | 13.0 % | 127 | 25.4 % | 133 | 26.6 % | **3.25** | **1.468** | **65.08 %** |
| T3.17 | 126 | 25.2 % | 118 | 23.6 % | 69 | 13.8 % | 96 | 19.2 % | 91 | 18.2 % | **2.82** | **1.461** | **56.32 %** |
| T3.18 | 119 | 23.8 % | 124 | 24.8 % | 66 | 13.2 % | 97 | 19.4 % | 94 | 18.8 % | **2.85** | **1.458** | **56.92 %** |
| T3.19 | 91 | 18.2 % | 87 | 17.4 % | 65 | 13.0 % | 134 | 26.8 % | 123 | 24.6 % | **3.22** | **1.452** | **64.44 %** |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.06 | 1.46 | 61.15 % |

لەم خشـــتەیەدا دوبارەبونەوەی ڕێژەی ســـەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەی و ڕێژەی لەگەڵبون لەئاراســـتەکانی جەماوەر نیشـــان دەدات ئەرکی ڕیکلامی بازرگانی کە لە کەناڵە ئاسـمانییە کوردییەکان، لای نمونەی توێژینەوەنیشـــــان دەدرێن. زۆرینەی نمونەی توێژینەوە لە برگەی ڕیکلامی بازرگانی لە کەناڵە ئاسـمانییە کوردییەکان، چالاکییەکی پەیوەندیکردنی بێخەوشـە سـود و مەبەسـتدارە، بە ڕێژەی (65.08%) پلەی یەکەمی وەرگرتوە، هەروەها برگەی ڕیکلامی بازرگانی لەکەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکان، توخمی زێدەڕۆیی لەخۆی دەگرێت بۆ بڕواپێهێنانی کڕیار. بە ڕێژەی (64.44%) لە پلەی دووەمدادێت. و برگەی ڕیکلامی بازرگانی کەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکان تەنها بۆ بەفیڕۆدان و زیادەخەرجکردنی پارەیە لەلایەن کۆمپانیا بازگانییەکان، بە ڕێژەی (63.00%) لەپلەی ســـێیەمدایەو برگەی ڕیکلامی بازرگانی لە کەناڵە

ئاسمانییە کوردییەکان مایەی متمانەی بینەرانە لەدواین پلەدێت بە ڕێژەی (56.32%). لەژێر ڕۆشنای ئەو ئەنجامانەی لەم خشتەیەدا خراوەتەڕو، ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە (3.06) و لادانی پێوانەیی (1.46) لەگەڵ کۆی گشتی لەگەڵبون کە دەگاتە (61.15%) بەمەش دەکرێت بڵێین پێوانەی لیکرتی لەئاستێکی ناوەند دایە.

بەرای توێژەر ئەرکی ڕیکلامی بازرگانی لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ڕاستگۆیی کاڵاکان بۆ بینەر ڕون بکاتەوە بەڵام هەندێک جار توخمی زێدەڕۆیی لەخۆی دەگرێت بۆ بڕواپێهێنانی کڕیار ئەمەش زۆرجار مسداقیەت لەدەست دەدات.

**خشتەی (9) پلەی پشتگیری و ڕەتکردنەوەی چاودێری لەلای تۆ لەسەر ڕیکلامە بازرگانییەکان لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان نیشان دەدرێن**

| کۆدی پرسیارەکان | زۆر هاورانیم | | هاورا نیم | | دلنیانیم | | هاورام | | زۆر هاورام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵبون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | | | |
| T3.20 | 47 | 9.4% | 48 | 9.6% | 34 | 6.8% | 162 | 32.4% | 209 | 41.8% | 3.88 | 1.305 | 77.52% |
| T3.21 | 61 | 12.2% | 57 | 11.4% | 32 | 6.4% | 179 | 35.8% | 171 | 34.2% | 3.68 | 1.365 | 73.68% |
| T3.22 | 82 | 16.4% | 83 | 16.6% | 35 | 7.0% | 149 | 29.8% | 151 | 30.2% | 3.41 | 1.472 | 68.16% |
| T3.23 | 180 | 36.0% | 171 | 34.2% | 34 | 6.8% | 53 | 10.6% | 62 | 12.4% | 2.29 | 1.374 | 45.84% |
| T3.24 | 58 | 11.6% | 54 | 10.8% | 35 | 7.0% | 185 | 37.0% | 168 | 33.6% | 3.70 | 1.340 | 74.04% |
| T3.25 | 56 | 11.2% | 46 | 9.2% | 38 | 7.6% | 173 | 34.6% | 187 | 37.4% | 3.78 | 1.334 | 75.56% |
| T3.26 | 172 | 34.4% | 181 | 36.2% | 37 | 7.4% | 51 | 10.2% | 59 | 11.8% | 2.29 | 1.345 | 45.76% |
| T3.27 | 53 | 10.6% | 51 | 10.2% | 33 | 6.6% | 189 | 37.8% | 174 | 34.8% | 3.76 | 1.312 | 75.20% |
| T3.28 | 182 | 36.4% | 163 | 32.6% | 39 | 7.8% | 57 | 11.4% | 59 | 11.8% | 2.30 | 1.370 | 45.92% |
| T3.29 | 58 | 11.6% | 55 | 11.0% | 34 | 6.8% | 191 | 38.2% | 162 | 32.4% | 3.69 | 1.335 | 73.76% |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.28 | 1.36 | 65.54% |

لەم خشتەیەدا دوبارەبونەوەی ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەی و ڕێژەی لەگەڵبون لەپلەی پشتگیری و ڕەتکردنەوەی چاودێری لەلای تۆ لەسەر ڕیکلامە بازرگانییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای نمونەی توێژینەوە ڕوندەکاتەوە. زۆرینەی نمونەی توێژینەوە لەبڕگەی بەپێویستی دەزانم دەستەڵات هەڵسێ بەسەپاندنی چاودێرییەک لەسەر ڕیکلامە بازرگانییەکان لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ دڵنیابون لە کوالیتی کاڵاکە، بە ڕێژەی (77.52%) پلەی یەکەمی وەرگرتوە، هەروەها بڕگەی –

بەپێویستی دەزانم بەسەپاندنی چاودێریکردن لەسەر ڕیکلامی بینراو بۆ بەرهەمە پزیشکییەکان پێشبینینی خەڵکانی دیکە، بە ڕێژەی (75.56%) لەپلەی دووەمدا دێت. و بڕگەی ڕۆڵی باوان گرنگە لە چاودێریکردنی ڕیکلامە بازرگانییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان پێش ئەوەی بگاتە دەستی منداڵەکانیان، بە ڕێژەی (75.20%) لەپلەی سێیەم دایە و بڕگەی –پێویست بەسەپاندنی چاودێریکردن ناکات لەسەر پەخشکردنی ڕیکلامە بازرگانییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە دواین پلەدێت بە ڕێژەی (45.76%). لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی لەم خشتەیەدا خراوەتەڕو، ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە (3.28) و لادانی پێوانەیی (1.36) لەگەڵ کۆی گشتی لەگەڵبون کە دەگاتە(65.64%) بەمەش دەکرێت بڵێین پێوانەی لیکرتی لەئاستێکی ناوەندیدایە

**بەرای توێژەر بپێویستە** دەسەڵات هەڵسێ بەسەپاندنی چاودێرییەک لەسەر ڕیکلامە بازرگانییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ دڵنیابون لەکوالێتی کالاکەکان و سزای هەژماردن هەبێت.

**خشتەی (10) شێوازەکانی پێشکەشکردنی ڕیکلامی بازرگانی کە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان نیشان دەدرێن**

| کۆدی پرسیارەکان | زۆر هاوڕانیم | | هاوڕا نیم | | دڵنیانیم | | هاوڕام | | زۆر هاوڕام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | | | |
| T3.30 | 58 | 11.6 % | 56 | 11.2 % | 41 | 8.2 % | 187 | 37.4 % | 158 | 31.6 % | 3.66 | 1.334 | **73.24 %** |
| T3.31 | 61 | 12.2 % | 54 | 10.8 % | 40 | 8.0 % | 187 | 37.4 % | 158 | 31.6 % | 3.65 | 1.345 | **73.08 %** |
| T3.32 | 54 | 10.8 % | 54 | 10.8 % | 41 | 8.2 % | 163 | 32.6 % | 188 | 37.6 % | 3.75 | 1.344 | **75.08 %** |
| T3.33 | 59 | 11.8 % | 52 | 10.4 % | 39 | 7.8 % | 186 | 37.2 % | 164 | 32.8 % | 3.69 | 1.338 | **73.76 %** |
| T3.34 | 51 | 10.2 % | 51 | 10.2 % | 38 | 7.6 % | 163 | 32.6 % | 197 | 39.4 % | 3.81 | 1.328 | **76.16 %** |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.71 | 1.34 | 74.26 % |

لەم خشتەیەدا دوبارەبونەوەی ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕێژەی لەگەڵبون لەشێوازەکانی پێشکەشکردنی ڕیکلامی بازرگانی کە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای نمونەی توێژینەوە نیشان دەدرێن. زۆرینەی نمونەی توێژینەوە لە بڕگەی نمایشکردنی ڕیکلامە بازرگانییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان کاتی ناوبڕی بەرنامەیەکدا زیاتر بۆ جەماوەری کوردی گونجاوە، بە ڕێژەی (76.16%) پلەی یەکەمی وەرگرتوە، هەروەها بڕگەی ئەو ڕیکلامە بازرگانیانەی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان نیشان دەدرێن و تیایدا سینەما بەشدارن، زیاتر چێژبەخش و بڕواپێهێنەرە سەبارەت بەجەماوەری کوردی، بە ڕێژەی (75.08%) لەپلەی دووەمدا دێت. و بڕگەی ڕیکلامە بازرگانییەکان لە کاتی

پەخشـــکردنی یارییە وەرزشـــییەکان لە کەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکان، زیاتر چێژبەخش و بڕواپێهێنەرە ســـەبارەت بەجەماوەر، بە ڕێژەی (73.76%) لەپلەی ســـێیەمدایە و برگەی ڕیکلامێک گۆرانی لەخۆبگرێت لەکەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکان، زیاتر چێژبەخش و بڕواپێهێنەرە ســـەبارەت بەخۆم لەدواین پلەدێت بە ڕێژەی (73.08%). لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی لەم خشتەیەدا خراوەتەڕو، ناوەندی ژمیریاری بریتییە لە (3.71) و لادانی پێوانەیی (1.328) لەگەڵ کۆی گشتی لەگەڵبون کە دەگاتە (76.16%) بەمەش دەکرێت بڵێین پێوانەی لیکرتی لەئاستێکی ناوەند دایە.

بەرای توێژەر نمایشکردنی ڕیکلامە بازرگانییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان کاتی ناوبڕی بەرنامەیەکدا زیاتر بۆ جەماوەری کوردی گونجاوەو ئەو ڕیکلامە بازرگانییانەی کە نواندن و ئاخاوتنی لە نێوان دو کەس لەخۆدەگرێت بنەمای ســـەرنج ڕاکێشـــانی زیاتر تێدایە بۆ بینەر، بەو پێیەی کە لە نواندن و ئاخاوتن لەنێوان دو کەس زیاتر واقیع بەرجەرســـتەدەبێت یا خود بینەر نزیک دەکاتەوە لە واقیع وادەکات بینەر خۆی تێدا ببینێتەوە، لەگەڵ ئەوەشـــدا لەشـــێوازەکانی تریش کاریگەری خۆیان هەیە، بەڵام بەگوێرەی قەبارەکەیان.

**سێیەم: تاقیکردنەوەکانی گریمانەی توێژینەوەکە:**

گریمانەی یەکەم: شـــیکردنەوەی پەیوەندییەکان (گریمانەی پەیوەندی) (Correlation Analysis) نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوە.

1-پەیوەندیەکی بەهاداری ئاماری نێوان کاریگەری ڕیکلامی بازرگانی کەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکان لەهاندانی ڕەفتاری کڕین لەلای نمونەیەک لەجەماوەری هەرێمی کوردستان هەیە.

خشـــتەی (11)ئاســـتی بەهاداری پەیوەندیەکی بەهاداری ئاماری نێوان کاریگەری ڕیکلامی بازرگانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەهاندانی ڕەفتاری کڕین ڕون دەکەنەوە.

| گۆڕاوی پاشکۆ / گۆڕاوی سەربەخۆ | هاندانی ڕەفتاری کڕین | بەهـــای ئەگەری p-value | بڕیار |
|---|---|---|---|
| کاریگەری ڕیکلامی بازرگانی ئاسمانییەکوردییەکان | **60.97 | 0.000** | بەهاداری بەرز |

**بەهاداری ئامارییە لە ئاستی کاریگەری ($p<0.05$)

بەپێی خشتەی (1) کە پەیوەندی (پیرسون) نیشان دەدات لەنێوان (کاریگەری ڕیکلامی بازرگانی ئاسمانییە کوردییەکان) و (هاندانی ڕەفتاری کڕین) دەرکەوتوە کەوا پەیوەندییەکی ڕاســـتەوانەیی بەهێز بەهاداری ئاماری هەیە، بەبڕی پەیوەندی کەیەکسانە بە (0.976)، وبەهای ئەگەری (0.000) ، کە بچوکترە لە هەڵەی ڕێگەپێدراو کە یەکســـانە(0.05) کەواتە بەهادارە. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا هەرچەندە، کاریگەری

| گۆڕاوی پاشکۆ / گۆڕاوی سەربەخۆ | هاندانی ڕەفتاری کڕین | بەهای ئەگەری p-value | بڕیار |
|---|---|---|---|
| ئاراستەکانی جەماوەر بەرەو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان | 0.982 ** | 0.000** | بەهاداری بەرز |

ڕیکلامی بازرگانی ئاسمانییە کوردییەکان زیاتر بێت، ئەوە هاندانی ڕەفتاری کڕین زیاد دەکات. ئەوەش نیشانەیەکی باشە لەئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی بەپێی ئەو ڕێژانەی لەخشتەی (1) بەدەستهاتون.

2-پەیوەندیەکی بەهاداری ئاماری نێوان کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕیکلامی بازرگانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەهاندانی ڕەفتاری کڕین لەلای نمونەیەک لەجەماوەر

**خشتەی (12)ئاستی پەیوەندیەکی بەهاداری ئاماری نێوان کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕیکلامی بازرگانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەهاندانی ڕەفتاری کڕین ڕون دەکەنەوە.**

**بەهاداری ئامارییە لە ئاستی کاریگەری ($p<0.05$)

بەپێی خشتەی (2) کە پەیوەندی (پیرسون) نیشان دەدات: لەنێوان (ئاراستەکانی جەماوەر بەرەو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان) و (هاندانی ڕەفتاری کڕین). دەرکەوتوە کەوا پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیی بەهێزی بەهاداری ئاماری هەیە، بەبڕی پەیوەندی کە یەکسانە بە (0.982)، و بەبەهای ئەگەری (0.000) کە بچوکترە لە هەڵەی ڕێگەپێدراو کەیەکسانە(0.05) کەواتە بەهادارە. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا هەرچەندە، ئاراستەکانی جەماوەر بەرەو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان زیاتر بێت، ئەوە هاندانی ڕەفتاری کڕین زیاد دەکات. ئەوەش نیشانەیەکی باشە لەئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی بەپێی ئەو ڕێژانەی لە خشتەی (2) بەدەستهاتون.

گریمانەی دوەم: شیکردنەوەی کاریگەری (گریمانەی کاریگەری) (Regression Analysis) نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوە.

1- کاریگەری ڕیکلامی بازرگانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان کاریگەری بەهاداری ئاماری هەیە لەهاندانی ڕەفتاری کڕین لەلای نمونەیەک لەجەماوەری هەرێمی کوردستان.

**خشتەی (13) ئاستی کاریگەری ڕیکلامی بازرگانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان کاریگەری بەهاداری ئاماری هەیەلەهاندانی ڕەفتاری کڕین دەردەخات.**

| گۆڕاوی پاشکۆ / گۆڕاوی سەربەخۆ | هاندانی ڕەفتاری کڕین | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بڕی جێگیر-C | *B* | F | $R^2$ |
| کاریگەری ڕیکلامی بازرگانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان | -0.408<br>t(9.848)<br>p(0.000)** | 1.086<br>t(93.038)<br>p(0.000)** | 8656.028<br>p(0.000)** | 94.60% |

** بەهاداری ئامارییە لە ئاستی کاریگەری (p<0.05)
لەم خشـتـەیەدا ڕونکردنەوە دەدات لەسـەر کاریگەری ڕیکلامی بازرگانی کەناڵە ئاسـمانییە کوردییەکان لە سـەر **هاندانی ڕەفتاری کڕین**، بەکارهێنانی شـیکردنەوەی کاریگەری (گریمانەی کاریگەری) Regression Analysis کەبەکار دێت بۆ دۆزینەوەی کاریگەری گۆڕاوی سـەربەخۆ لەسـەر گۆڕاوی پاشـکۆ، بەپێی بەهای (F-test) کە یەکسـانە بە (8656.028) و بە بەهای ئاماری (0, 000)، کە بچوکترە لە هەڵەی ڕێگەپێدراو کە یەکسانە(0, 05)، کەواتە بەهادارە، و بەهای کاریگەری (B )یەکسانە بە (1.086)، و پێوەری ($R^2$) کە ئەوە دەگەیەنێت (94.60%)ی سـەدی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە هاندانی ڕەفتاری کڕین ڕویان داوە لەو توێژینەوە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە.

2- ڕیکلامی بازرگانی کەناڵە ئاسـمانییە کوردییەکان کاریگەری بەهاداری ئاماری هەیە لەهاندانی ڕەفتاری کڕین لەلای نمونەیەک لەجەماوەری هەرێمی کوردستان.

**خشـتـەی (14) ئاسـتی کەناڵە ئاسـمانییە کوردییەکان ڕیکلامی بازرگانی کەناڵە ئاسـمانییە کوردییەکان کاریگەری بەهاداری ئاماری هەیە لەهاندانی ڕەفتاری کڕین دەردەخات**

| گۆڕاوی پاشکۆ / گۆڕاوی سەربەخۆ | هاندانی ڕەفتاری کڕین | | | |
|---|---|---|---|---|
| | **بڕی جێگیر-C** | ***B*** | **F** | $R^2$ |
| ڕیکلامی بازرگانی کەناڵە ئاسـمانییە کوردییەکان | -0.880 t(20.341) p(0.000)** | 1.300 t(99.574) p(0.000)** | 9915.066 p(0.000)** | 95.20% |

**

بەهاداری ئامارییە لە ئاستی کاریگەری (p<0.05)
لەم خشـتـەیەدا ڕونکردنەوە دەدات لەسـەر کاریگەری ڕیکلامی بازرگانی کەناڵە ئاسـمانییە کوردییەکان لە سـەر **هاندانی ڕەفتاری کڕین**، بەکارهێنانی شـیکردنەوەی کاریگەری (گریمانەی کاریگەری) Regression Analysis کە بەکاردێت بۆ دۆزینەوەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ، بەپێی بەهای (F-test) کە یەکسـانە بە (9915.066) و بە بەهای ئاماری (0, 000)، کە بچوکترە لە هەڵەی ڕێگەپێدراو کە یەکسـانە (0, 05)، کەواتە بەهادارە، وبەهای کایگەری (B) یەکسـانە بە (1.300)، و پێوەری ($R^2$) کە ئەوە دەگەیەنێت (95.20%)ی سەدی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە هاندانی ڕەفتاری کڕین ڕویان داوە لەو توێژینەوە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە.

## چوارەم: خستنەڕوی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

1-پەیوەندی نێوان گۆڕاوە سـەرەکییەکانی توێژینەوە کە پەیوەندیەکی ڕاسـتەوانەی بەهێز و کاریگەرە، هەروەها دەرکەوتوە کەوا پەیوەندی نێوان (ڕێکلامی بازرگانی، ڕەفتاری کڕین) پەیوەندیەکی ڕاسـتەوانەی

بەهێز و کاریگەرە، پەیوەندی نێوان (ڕێکلامی بازرگانی، ڕەفتاری کڕین) بەهێزترە لەپەیوەندی نێوان (ڕێکلامی بازرگانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان) ئەمەش بۆ تایبەتمەندی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەشێوازی ئاڕاستەکردنی پەیامەڕێکلامی بازرگانی.

2- ڕادەی بەرکەوتنی نمونەی توێژینەوە بەڕێکلامی بازرگانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەئاستێکی بەرزدایە، بەو واتاییەی کە بەشی زۆری هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان ڕێکلامی بازرگانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەرکەوتەیان هەیە.

3-بەرکەوتنی هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕێکلامی بازرگانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کڕین هەیە بەپێی قۆناعەکانی بڕیاردان بەتایبەت لە قۆناغی دۆزینەوەی پێداویستییەکان، کۆکردنەوەی زانیاری و تاوتوێکردنی ئەڵتەرناتیڤییەکان

## ڕاسپاردەکان

توێژەر پێشناری کۆمەڵێک ڕاسپاردەی کردوە لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئامانجەی کە بەدەستی هێناوە:

1-پێشنیار دەکەم کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەست بکەن بەپێگەیاندنی چەمکی پسپۆر لەبواری کاری ڕێکلامە بازرگانییەکان لەڕێگای بەشداریپێکردنیان لەخولی پێگەیاندنی تایبەت لەناو هەرێم و دەرەوەی هەرێمدا گرنگیدان بەبڵاوکراوەی ڕێکلامە بازرگانییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەشێوەی واقیعی و زیادکردنی ئاستی سرنجڕاکێشانی جەماوەری کوردی.

2-پێشنیاردەکەم کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەکردنەوەی بەشی تایبەت بە ڕێکلامە بازرگانییەکان بەشێوازی پێکهاتەی کارگێڕی هونەری و کارمەندانی ئەم بەشە پێویستە تایبەت بن بەبەشی ڕێکلامە بازرگانییەکان، کۆنترۆڵکردنی کێشەکانی دارایی و مرۆیی و کارمەندی تایبەت (پسپۆری ڕێکلامە بازرگانییەکان) لەناو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەپێناو بەردەوام بون و پێشکەشکردنی کاری ڕێکلامە بازرگانییەکان و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی سەرکەوتو.

3- لەبەرئەوەی ڕێکلامە بازرگانییەکان بۆتە سەرچاوەیەکی سەرەکی داهاتی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، پێویستە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان زۆر بە وریایی مامەڵە لەگەڵ ئەو کۆمپانیا و لایەنانە بکەن کە ڕێکلام بۆ کاڵاکانیان دەکەن، لەپێناو دەستکەوتنی بڕێکی لەداهات و ڕاستگۆیی خۆیان لەدەست نەدەن.

# The impact of commercial advertising on the public (An Empirical Study)

**Sarkawt Waisi Kareem[1] - Habeeb Ibrahim[2]**

[1]Department of Media, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Institute of Media Science, Ruhr-University Bochum, Germany.

## Abstract

Throughout the world, commercial advertising's have become an art and effective method of communication. It is a recent necessity for all countries, nations, classes, and races. All of them are working on commercial advertising and commercial advertising are the work of all. It is crucial that the Commercial advertisements are used properly and must at a high level, Kurdish satellite channels can live and manage business in this way. Advertisements can provide facilities for citizens and consumers especially when The commercial advertisings were used properly and correctly of the direction and goals of the right and bright way. In Kurdistan Region, commercial advertisements have passed through a short period of time. In the early stages they were at a very low level, until they were within technology development and the emergence of necessary instructions to organize advertising ,becoming more advanced and developed.The significance of this research which is a scientific attempt to demonstrate and determine the effect of the commercial advertisements of The Kurdish Channels in encouraging behavior of transaction by a pattern of This research ambition is to certify the emphasis extent of advertising Commercial advertisements on Kurdish channels. To what extent Kurdish satellite channels encourage consumer's behavior to acquisitions Goods? Which are the business rhetoric that attracts more consumer attention to buy equipments .This research is a described research, we have used the method of surveying that is the most appropriate The method is set because the most accurate data and information can be obtained in this way. This research in which the theory of relying on practical media tools.It is one of the most significant theories in the domain of media. The society of this research consists of the population of Kurdistan region which consists of 500 individuals of male and female in all four provinces of Region (Erbil ,Sulaymaniyah ,Duhok and Halabja) participated in it. the researcher to collect data and Knowledge and achievement of research studies survey formused it, and in this study, the statistical text known as the SPSS system It's used.The most important results of the research are: the relationship between commercial advertising and Kurdish channels which Are a strong and effective direct connection, and a connection between commercial advertising and buying, it is a strong and effective direct relationship, in addition to commercial advertisements on Kurdish-sourced satellite channels.the importance of user information in selecting the necessary goods and services for the election It's the best choice. In addition, commercial advertising on Kurdish airlines has an important role to play in building trust and agreement with the Kurdistan Regional Government, particularly on topics that have been advertised commercially.

**Keywords:** Influence، Commercial Advertising's،Purchase Behavior, The Kurdish Satellite Channels**,** Publ.

**سەرچاوەکان:**

أبراهيم، حامد سليم، 2014، سلوك المستهلك عمان .الاردن، دار أسامەوالنشر والتوزيع

ابراهيم،. عبيدات محمد,2008. ، .سلوك المستهلك.. مدخل استراتيجي. ط4، عمان: دار وائل للنشر.

اكرام، مرعوش2013، مدى تأثير الاعلان على سلوك المستهلك، رسالة ماجستير، غير منشورة، (الجزائر؛ جامعة الحاج لخضر - باتنية - كلية العلوم الاقتصادية و علوم التسيير - قسم العلوم التجارية .الجزائر

جلال، سامان، 2019، ڕیکلام لەڕاگەیاندنی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

جواد، نيل، 2008، التسويق فى خدمة المشروع .لبنان: ط1، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع.

حمد، يوسف عوسمان،2013، خوێندنەوەیەکی سایکۆلۆژی بۆ کاریگەری ڕیکلام لەسەر تاک، کتێبی ڕیکلام.

حمدي، مصطفى، 2016،"استخدامات المراهقين للقنوات الفضائية والاشباعات المتحققة"، رسالة ماجستير، غير منشورة، جامعة المنيا، كلية الآداب.

خضور، اديب.2005، الاعلام المتخصص، المكتبة الاعلامية، دمشق.

السعيدي، ناجي بن محمد بن سعيد 2021، "تأثير الاعلانات التلفزيونية التجارية على المراة ... دراسة ميدانية على المراة العمانية العاملة في السلطنة عمان"، رسالة ماجستر، غير منشورة، جامعة الدول العربية: المنظمة العربية و الثقافة و العلوم _ معهد البحوث و الدراسات بالقاهرة – قسم الدراسات الاعلامية.

العالم، صفوت، 2002، عمليه الاتصال الاعلامى، ط5 دار النهزه المصريه، القاهره.

على، عمر ايمن،2008. قراءات في سلوك المستهلك الاسكندرية: ط 2، دار الجامعية للنشر.

عەبدول، جەمال 2004. فەرهەنگی ڕاگەیاندن، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

محمد، حسين، ا.سماعيل،2004، الاعلان القاهرة: المكتب العربى الحديث.

محمود، محمد حسن، 2015.اصول التسويق المصرفي، مطابع الصفوة، الاردن،

ناصر، محمد جودة،2009 ، الدعاية والأعلان والاعلاقات العامة ، عمان: دار مجدلاوى، ط 3.

هشام، على السلمي،2014 . السلوك الانساني في الادارةز .القاهرة: دار غريب للطباعة و النشر.

ئەحمەد، بهادين ،2011، ڕێکلام وپەیوەندی گشتی وبازارکردن، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی